

# تێپەڕبوون بە تولەڕێگەکانی مەرگدا

## گفتوگۆی لڤین لەگەڵ دیارترین قاچاخچی شاری هەولێر

**" دەستدرێژی سێکسی و نێربازی لەو ڕێگەیە زۆرە "**

راپۆرتی هەڵگورد صەمەد - هەولێر

● دۆزینەوە و گەیشتن بە شتە نهێنییەکان یان کەسێکی نهێنی ونادیار کارێکی هێندە سانا نییە، ئەگەر بۆ کەسێکی ئاسایی ئەوە ناخۆشبێت ئەوە بۆ ڕۆژنامەنوسێك کە بیەوێت ئەو نهێنیە بخاتە سەر رووپەڕی رۆژنامە یا گۆڤارێك دەیان جار ناخۆشترە، دوای ئەوەی لە چەند مانگی رابردوو سەرهەڵدانەوەی بە لێشاوی چوونە هەندەرانی لاوان بووە باس و خواسی ناو گۆڤار و رۆژنامەکان بڕیارمدا جیا لە هەمو بابەتەکانی تر دیدارێك لەگەڵ قاچاخچییەکی ڕێگای یۆنان سازبدەم.

هیوا ناوی خوازراوی ئەو قاچاخچییەیە کە لە ساڵی 1991 ەوە تا ئێستا سەدان کەسی گەیاندۆتە وڵاتانی ئەورووپا ، دوای ئەوەی لەڕێگەی خوشکەزاکەیەوە توانیم وادەی ئەم دیدارەی لەگەڵ دابنێم، لەگەڵ خوشکەزاکەی ڕێکەوتین، لەناوەڕاستی شاردا بەنێو جەنجاڵی ئوتۆمبیلە زۆرەکان و شەقامە قەرەباڵغەکانی شار هەنگاومان دەنا، خوشکەزاکەی پێشمکەوت و منیش بە خۆم و ریکۆردەر و دەفتەرەکەی ناودەستم بەدوایەوە بووم تا لە کۆتایی شەقامێکدا پێچمانکردەوە ، خوشکەزاکەی لەو دەوروبەرە ئاماژەی بە ماتۆرسکیلێك کرد کە لە ژێر سێبەرێکدا بوو، گوتی " خاڵم لەوێیە ئەوەتا ماتۆرسکیلەکەی وا لەوێیە" دوای گەیشتنمان لە تەنیشت ماتۆڕەکە بە پەیژەیەك سەرکەوتینە سەر

بالّەخانەکە، بینیمان لە ژێر سێبەری ژوورێک کە لە سەربانێکی بێ ستارە دروستکراوە لەسەر کورسیەک دانیشتبوو ، هەر کە ئێمەی بینی هەڵسایەوە و فەرمووی لێکردین تا دانیشین، هەرچەند من پێشبینیمدەکرد بە ترسەوە قسەبکات و هەموو قسەیەکیش نەکات، بەلاّم ئەو کەسێکی زۆر بوێر و چاو نەترس بوو، هەرچەند یەکەمجاری بوو بۆ دەزگایەکی راگەیاندن قسەبکات، بەلاّم بەوپەڕی بوێری و راشکاوییەوە دەدوا.

هیوا پیاوێکی تەمەن (43) ساڵ و نزیکەی (16) ساڵ ئەزموونی قاچاخچێتی هەیە، شانزە ساڵ ئەزمونی پڕ لە رووداوی سەیر و پڕ نهێنی و دەیان تاقیکردنەوە، ئەو زۆر بە خۆشحاڵیەوە قبوڵی ئەم دیدارەی کرد، لەبارەی رۆیشتنی گەنجان وتی " ئێستا گەنجان زیاتر دەڕۆن، ماوەیەک لەمەوپێش لە کاتی رووخانی رژێمی (صدام)ەوە تاکۆتایی (2004) خەڵک بە لێشاو دەڕوات، ئەوانەی دەشڕۆن تەمەنیان بەزۆری لەنێوان (16-17) ساڵیدایە، هۆکاری ئەم رۆیشتنەشی گێڕایەوە بۆ بێزاری خەڵک بە تایبەت گەنجان و نەبوونی خومەتگوزاری و گرانی بازاڕەکان.

ئەو باسی ئەوەی دەکرد " ئێستا رۆیشتن ئاسانترە، چونکەپێشتر لە ساڵی 1992 تا 2002 و تا رووخانی (صدام)یش خەڵک زۆر دەڕۆیشتن و رێگاکەش ناخۆشبوو، لێرە دەچوونە ئێران لە ئێران دەچوونە تورکیا و لەوێوە بۆ یۆنان، بەلاّم ئێستا خەڵک بەرەسمی دەڕوات بە پاسپۆرت، هەرچەندە بەرێوەبەرێتی جەوازاتی هەولێر دەڵێت " لە دایکبووی 1980 بچوکتر پاسپۆرتی پێنادرێ بە سێ مەرج نەبێ یا دەبێ بازرگان بێ یا نەخۆش یا قوتابی بێت" هیوا دەڵێت "کەچی سێ رۆژ لەمەوبەر گەنجێکی لە دایکبووی 1988 هاتۆتە لام پاسپۆرتی وەرگرتبوو بە دەلیل بۆتی دەسەلمێنم، خەڵکی لێرە پاسپۆرت وەردەگرن و لە بەغداش ڤیزە وەردەگرن و بە دەروازەی (ابراهیم خلیل)یشدا دەڕۆن،ئەوانەی بەمشێوەیە دەڕۆن ڤیزەی تورکیا وەردەگرن، پێشووتر ڤیزە بەخۆڕایی بوو بەلاّم ئێستا بە (600$)ە."

هیوا رێژەی رۆیشتنی گەنجانی بەزیاتر لە (40) گەنج دەخەملاّند لەڕۆژێکدا و لەو رێژەیە (10) کەس ناگەڕێتەوە ئەوانیتر هەموویان دەردەچن، ئەو دەیووت " من لە هەمو کەس زیاتر ئاگام لێیە رۆژانە زیاتر لە 40 گەنج لە کوردستانەوە بەرەو ولاّتانی ئەورووپا دەڕۆن، ئەگەر دەروازە والاّبکرێ تەنیا ئەو گەنجانە لە کوردستان دەمێننەوە کە یا پارەیان پێ نییە پێی بڕۆن یا کێشەی خێزانیان هەیە یا ژنیان هێناوە" هەروەها باسی ئەوەشیکرد " گەنجانی هەولێر زیاتر بە رەسمی دەڕۆن، چەند رۆژێک لەمەوبەر هەندێ نەفەرم بەڕێکرد، لە (ابراهیم خلیل) زیاتر لە (200) کەسی لێبوو هەمویان بە پاسپۆرتەوە دەڕۆیشتن، گەنجانی لای رانیەش زیاتر بە قاچاخ دەڕۆن، ئەوانەی بە خێزانیش دەڕۆن دەچن لە ئێرانەوە بە فڕۆکەی نەفەری بە (120)گەڵا دەڕۆنە ولاّتە ئەوروپییەکان"

هەرشتێک کە مرۆڤ فێری دەبێ لە خۆیەوە فێری نابێ بێگومان دەبێ لە ئەنجامی کۆمەڵێک ئەزموونەوە فێری ببێ، ئێستاش قاچاخچێتی وەکو پیشەیەکی لێهاتووە و کۆمەڵێک کەس فێری بوون "بۆنمونە برادەرێك پارەی نیە، من ئەو کات نەمدەویرا بگەڕێم لێرە هەردەم ئاسایش بەدوامدا دەگەڕان ئەو برادەرەم دەکردە وەکیلی خۆم ئەوەی دەیویست بڕواتە هەندەران سەرەتا دەچوو لەگەڵ ئەو برادەرە قسەی دەکرد ئەو (پارەی پێشەکی)لێوەردەگرت و ناونیشانی منی پێدەدا دواتر ئەو برادەرە سێ چوار جار لەگەڵم دەهاتە ئەو رێگایە هەم سودێکی ماددی بۆی هەبوو هەم دەبوو بە قاچاخچی، لەوانەی بەمشێوەیە فێری قاچاخچێتی بوون (سەعدی عەللاگە، زانا، بەکر،...)"

هەماهەنگییەکی تەواو هەیە لە نێوان قاچاخچییەکان وەکو چەند حەلقەیەکی پێکەوەبەستراو " هەمو قاچاخچییەك دەبێ لەگەڵ هەندێکی تر تەنسیقی هەبێ، ئەو قاچاخچییەی بڵێ تەنسیقم لەگەڵ قاچاخچی تر نییە درۆدەکات، تەنسیقێکی تەواو لەنێوان قاچاخچییەکان هەیە، بۆ نمونە من لێرە نەفەر دەنێرمە تورکیا، لێرەوە تەلەفون بۆ قاچاخچییەك دەکەم کە لەوێیە، فلاّنە کەس دێتە لات بەمشێوەیە تا دەگاتە یۆنان" بۆ پێدانی پارەکەش وتی " ئەو کەسەی دەڕوا لێرە پارەکەی لە مەکتەبێك دەنوێنێ، کە گەیشتە (ئەسینا) تەلەفونی بۆ ماڵەوە کرد پسوڵەی پارەی مەکتەبەکەمان پێدەدەن و دەچین لە مەکتەبەکە وەریدەگرین" هیوا نۆ مانگ لە (مەعسکەر سەلام) لە سلێمانی گیراوە و شەش مانگیش لە گرتوخانەی (ئاکرێ) گیراوە و چەندجاریش لە گرتووخانەی (مەحەتە) لە هەولێر گیراوە و هەندێجاریش لە تورکیا گیراوە و سنورداش کراوەتەوە " من لە تورکیا گیرام هاتمەوە ئێرە بە کەفالەتی (15)هەزار دیناری چاپی سویسری بەردرام، قاچاخچی هەبوو (50) هەزار کەفالەتەکەی بوو، هی وا هەبووە (100) هەزار بوو، ئەو کەفالەیە بۆ ئەوە بوو کە جارێکی تر نەچینەوە، ئەو کات لێرە (کاوانی سمکۆ علی) -هەزار رەحمەتی لێبێت- لەدوام دەگەڕا بمکوژێ، ئەوەبو منیش لە ترسا (8) نەفەرم بردوو رۆیشتم، کە گەیشتمە (وان) هەرسێ کەفیلەکەمیان گرت، ئەوەبوو (15) هەزار دینارم ناردەوە، ئێستاش وەصڵەکەم ماوە ئەو پارەیەش نەچۆتە بانکی هەرێم، پارەیەکەیان بۆ ئەوە وەرگرت کاتی خۆی دوژمنارییەك لە ئاسایش قەومابوو، لەو هەموو قاچاخچییە تەنیا پارەیان لە من وەرگرت، دواتر منیان گرت، پێمگوتن بڕۆن وا لە پێش (باتا) پەنجا قاچاخچی لێیە بۆ ناچن بیانگرن، داوای ناویان لێکردم وتم : من ناوی کەس نادەم، بەلاّم ئێوە لەمن باشتر دەیانناسن، سەد جار بە منیان وتوە نەفەرمان بۆ ببە وتومە

زۆرجار دەستدرێژی سێکسی و نێربازی لە رێگەی هەندەران باسی لێوەدەکرێ لەمبارەیەوە هیوا دەڵێت " لەو رێگایە دەستدرێژی سێکسی و نێربازی هەیە و زۆرزۆریشە، خۆشم شتی وام بینیوە، بەلاّم کەسێك یا ئافرەتێك ئەگەر خۆی شەریف بێ نەك قاچاخچی هیچ کەس ناتوانێ تەعەدای لێ

بکا" ئەو هەوڵی دەدا بۆ هەر قسەیەك کە دەیکرد نمونەیەك وەك بەڵگە بهێنێتەوە " کورێك ناوی (صالح)ە، خەڵکی تەیرەوایە خۆی لە ئەڵمانیا بوو خێزانەکەی ناوی (ڕوناك) بوو زۆر کچێکی شەریف بوو ئێستا لە ئەڵمانیایە، لەگەڵ ئێمە هات بە تەنیا ئەو سکی پڕ بوو، زۆر رامانکرد چونکە کەوتینە کەمینەوە -سکی سێ مانگی بوو- لەگەڵ راکردن و رۆیشتنی زۆر سکی لەبار چوبوو من ئەمەم نەزانی بوو، ئەوانیتر رۆیشتن، ژنەکە گوتی من تەنیا متمانەم بە هیوا هەیە و لەگەڵ ئەو دەم ئەوکات لەگەڵ (هەڵۆ شەبەح) بووین، پێکەوە رۆیشتین ئەو خوێن لە دامانی دەرۆیشت، نزیکەی (10) خولەکی مابوو بگەینە (ڤێرێ) یەکەم پارێزگای یۆنانییە کە لەلای تورکیاوە دەچی، گوتم بابچینە ڤێرێ بلیتی شەمەندەفەر ببڕین بۆ (ئەسینا). ژنەکە گوتی ناتوانم یەك هەنگاو بڕۆم، دواتر عەسکەری یۆنانی هاتن ئێمەیان گرت و فڕێیان داینەوە دیوی تورکیا لەوێش هاتینەوە ئەستەنبوڵ"

"بەڵام من ژن و مێردم بینیوە پێکەوە بوون، قاچاخچی بە فێڵێك مێردەکەی لێ جیاکردۆتەوە و دەستدرێژی سێکسی کردۆتە سەر ژنەکە"

هەندێکجار قاچاخچی پارەی خەڵکیان خواردووە بێئەوەی بیانگەیەننە ئەو شوێنەی کە مەبەستیانە " ساڵی 1996 بوو ژن و مێردێك خەڵکی سلێمانی بوون، قاچاخچی زۆر پارەی لێ خواردبوون ئەوکات (4000$)ی لێ خواردبوون، هیچیان نەمابوو، ماڵی خوشکم لە ئەستەنبوڵ بوو بەزەییان پێیاندا هاتبۆوە بردبویانە لای خۆیان، من چووم سێ چوار شەقم لە قاچاخچیەکە دا پێمگووت " تۆ (4000$) لەوانە خواردووە بۆ نایانگەیەنیتە جێگا هەر لە ئاوەکە بیانپەڕێنەرەوە، ئەوەبوو دواتر بردبوونی لە ئاو پەڕیبونەوە ژنەکە سکی پڕبوو لە (ڤێرێ) گیران کچێکیان لەوێ بوو لەناو (ڤێرێ) لەبەر ئەو منداڵە ژن و مێرد و منالەکەیان بردە (ئەسینا) ئەوانیش ناویان لە کچەکەیان نا (ڤێرێ)".

هیوا کاتێك روداوەکانی دەگێڕایەوە زۆر بە کاریگەرییەوە قسەی دەکرد " جارێك لەسەر ئاو بووین لە گەڵ (هەڵۆ شەبەح) بووین، ئێمە لە ئاو پەڕینەوە، عەسکەری تورکی هاتن سێ نەفەر خۆیان بە ئاودا دا کەسێکیان خنکا - خزمی خۆشم بوو- براکەی لە گەڵمان بوو، ئێمە دووانمان قوتارکرد، براکەی بینی کە برای خنکا، ئەو گەیشتە (ئەسینا) و دواتر چووە ئەڵمانیا ، رۆژێك باوکی لێرە هاتە ماڵمان وتی " ئەگەر کوڕەکەم مردووە پێم بڵێ با چارەیەك لە خێزانەکەی بکەم، پێم وت" نازانم،- برای خۆی لەگەڵمان بوو خنکا کەچی لای باوکی وای نەگوتبوو- لەو ڕێگایە برا برای جێهێشتووە".

رووداوەکانی ژیانی هیوا زۆربەیان لە ڕێگەی نێوان تورکیا-یۆنان روایندابوو زۆربەشیان کاریگەرییان لەسەری جێهێشتبوو بۆیە کاتێك پرسیارێکم لێ دەکرد ئەو یەکسەر رووداوێکی بە نمونە دەهێنایەوە " جارێکی تر سەری ساڵی (2000) بوو، (17) رۆژی مابوو بۆ سەری ساڵ لەودیوی تورکیا پەڕینەوە بۆ دیوی یۆنان سێ خێزانمان لەگەڵ بوو، هەندێ منداڵی ساوایان پێبوو ، نزیکەی (70) نەفەر بووین، ئێمە دەمانویست لە کاتێکی گونجاو بگەینە (ئێگزەنت) - ئێگزەنت ناوچەیەکی سنورییە لە یۆنان- بۆ ئەوەی بلیتی شەمەندەفەر ببڕن بۆ یۆنان و ویستمان رۆژی سەری ساڵ بگەینە یۆنان، چونکە رۆژی سەری ساڵ لە یۆنان کەس بەکەس نیە، دە رۆژ لە ناو ئاودا ماینەوە بەفروبارانێکی زۆر بوو، دیمان چەند تۆڕێکی ماسی گرتن دادرابوونەوە، هەڵساین تۆڕەکەمان دەرهێنا (70) ماسی گرتبوو، ماسیەکانمان خوارد، دواتر رۆیشتین من لە ئاوی چوارەم خۆم تەسلیم کرد لەبەر خێزانێك، ئەوانیتر رۆیشتن گەیشتە (ئەسینا) دواتر لە ئەسیناوە بۆ (پاترا) ناوچەیەکە لە سنوری ئیتالیا کە بڕۆن بۆ (ئیتالیا) لەم ڕێگایە رووداوی سەیارە روویداو ژنێك و پیاوێك و منداڵێك مردن بەو رووداوە.

دیاربوو هیوا دەیان قسەی تری هەبوو بۆ کردن بەڵام هەرئەوەندە دەرفەتمان هەبوو کە لەگەڵی بدوێین، ئەمە مشتێکە لە نمونەی خەرمانێکی شانزە ساڵ ڕێی هات و نەهات.



